dengekan
Signature Valid
Digitally signed by dengekan
DN: cn=dengekan, o=Goran, c=CA
Date: 2002.10.12 10:10:26 -06'00'

# بۆ کچێکی خوێنشیرین

حەمەسەعید حەسەن

گەردەلوولێکی هێمنی
کە هەڵدەکەی
بۆماڵی دڵ
خەم دەهێنی،
کە ون دەبی
بۆ ئاسمانی ساماڵی دڵ
تەم دەهێنی.
لای من خەمت
جریوەی مەل،
خوڕەی ئاوە،
لای من تەمت
چەپکە تیشکی خۆرەتاوە.
خۆشم دەوێی
بڵێم وەک چی؟
ئەوەندەی چەند؟
تاوەکوو کەی؟
کوا دەزانم؟
پێنووسم کۆڵ،
زمانم سڕ،
شیعرم مل کەچ
شەرمەزارن بەستەکانم.
من سەربازێکی بێ چەکم
تۆ بێ شەڕ یەخسیرت کردووم،
وڵاتێکی بێ کوتەکم
بێ هێرش داگیرت کردووم.

دیلتان دیوە
تیری خەم لە ناخی دڵی کاری نەبێ؟
ئەوە منم،
بیستووتانە وڵاتێکی داگیرکراو
تامەزرۆی ڕزگاری نەبێ؟
ئەوە منم.
ئەوە منم ئەوینم پێیە و هیچی تر
بۆ تۆ ئەی خوای تەختی دڵم
خۆشەویست و دوژمنی سەرسەختی دڵم.
گەردەلوولێکی هێمنی
کە هەڵدەکەی،
پەستم دەکەی،
کە ون دەبی،
بیرت دەکەم
دوژمنە خۆشەویستەکەم.